هەدا



نوری بێخاڵی

# خۆونکردن و بەکۆیلەبوون

"مرۆڤ لە میانی خودئاگایی و هێزی بیرکردنەوەیدا دەتوانێ وەك بوونێکی جیاواز لە مرۆڤەکانی دی، خۆی جیا بکاتەوە – ئەریك فرۆم"

(١)

لێکۆڵینەوە سایکۆ – سۆسیۆلۆژییەکان دەریانخستووە، کە ژینگە و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و کولتور، رەنگدانەوەی راستەوخۆی ئەرێنی و نەرێنیان بەسەر سروشت و پێکهاتەی کەسێتی تاکەوە هەیە، ئەمەشە هۆکاری ئەوەی، کە مەرج نییە کۆی رەفتار و هەڵسوکەوتەکانی کەسێك، بەشێك بن لە سروشتی نەگۆڕ و بایۆلۆژی کەسەکە، چونکە کەسەکە لە میانی پرۆسەی کۆمەڵایەتییەوە ئەو خەسڵەتانە وەردەگرێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ویست و ئیرادەی کەسەکە رۆڵێکی گرنگ لە پێکهێنانی کەسێتییەکەیدا دەبینێ.

(٢)

لەو گۆشەنیگایەوە، کەسێك با هەموو زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتوری تەندروست و هەلومەرجەکانی ئازادی بۆ رەخسابن، ئەگەر نەیەوێ خۆی لە تەلیسمی ئەوانیتر دەربازبکات و ئیرادە و خودئاگاییەکی نەبێ بۆ خۆوننەکردن، بەمانایەکی دی، ویستی دەرچوون لە تارمایی بەرامبەرەکانی نەبێت و بوون و مانەوەی خۆی لە بچوککردنەوەی خۆیدا بدۆزێتەوە و خوی بەوە گرتبێ سێبەری ئەوانیتر بێت، ئاسان نییە ئەو کەسە بێتەوە دۆخی سروشتی و نۆرماڵی مرۆڤبوونی خۆی، بەو پێیەی (لابۆتی) گوتەنی "خوو، یەکەمین هۆکاری خۆبەکۆیلەکردنی مرۆڤە".

(٣)

ئەو پەیبردنە بە جیاوازبوون لەوانی دیکە و ویستی مرۆڤ بۆ ئازادی و گەڕانەوە بۆ سروشت و بوونی جیا لەوان، هەرگیز بە مانای دژایەتی ئەو سروشتە ئاکارییەی مرۆڤ نایەتەوە، کە حەز بە ژیان لەتەك ئەوانی دی و هاوکاریان دەکات، لەبەرئەوەی ژیان بە جیاوازی و گیانی هاوکاری لەگەڵ بەرامبەرەکاندا، زۆر جیاوازترە لە ژیان بۆ بەرامبەر و خۆگونجاندن لەگەڵ ویستی ئەوان و لە پێناو دەستگرتن بە رەزامەندیان، ئەمەش ئەو پەتایەیە کە کۆمەڵگەکەمانی تەنیوەتەوە، بەجۆرێك بە دەگمەن تاکە کەس هەیە وەك خۆی و بۆ خۆی بژییێت، بەقەد ئەوەی لە هەوڵی بەردەوام دایە وەك ئەوانی دیکە و لە پێناو رەزامەندیاندا بژییێت.

(٤)

کار لەوە دەرچووە تاکی کورد تەنها گیرۆدەی لاساییکردنەوە و وەك ئەوان پۆشین و نۆشین و خواردن و هەڵسوکەوت بووبێ، ئێستا کەسێك تەنها بۆ ئەوەی مووچەکەی نەدۆڕێنێ، لای ئاساییە رەزای قورسی بەرپرسێك بە خوێنشیرینی بە دەوروبەرەکەی بفرۆشێتەوە، کەسێکی نەخوێندەوار بۆ مانەوەی لە دەزگایەك، بەردەوام سەری ئەشهەدوبیللا بۆ بەرپرسەکەی بلەقێنێ و....هتد. ئەم رەوشە ناتەندروست و پەیوەندییە بەرژەوەندخوازی و مامەڵە سەقەتە، فاکتەرێکی گرنگی بەردەوامیدانە بە دیاردەی گەندەڵی و مانەوەی کەسی نەشیاو لە شوێنی هەستیار و لە بەها کەمکردنەوەی پرۆسەی سیاسی و تەنانەت کاری رۆشنبیری و هونەری و راگەیاندنیش لە کوردستاندا.

(٥)

بەو پێیە گرنگترین شتێك بۆ مرۆڤ ئەوەیە، لە ناوەوەی خۆیدا بەدوای خۆیدا بگەڕێ، نەك لە خەیاڵی ئەوەدابێ لە سێبەری ئەوانی دی خۆی شوناس بکات، واتە بۆ مرۆڤ گرنگە بەردەوام خودی خۆی بێت، نەك کۆپی و شوێنکەوتەی ئەوانیتر، چونکە کەسێك ئیرادەی خودشوناسکردن و خۆدۆزینەوەی نەبێ و چاوەڕێی ئەوەبێ ئەوانی دی پێناسەی بکەن و لە سێبەری رەحمەتی چڵێسانەی ئەوان کاوێژ بکات، خودێکی سواڵکەر و کەسێکی کۆیلەی لێ بەرهەم دێ، " بەدبەختی گەورەش ئەوەیە مرۆڤ هیچ شتێکی خۆی نەبێت و وەك _گەنە_ بە ئەوی دیکەوە نووسابێت – لابۆتی"، وەکوتریش ئەو بەرامبەرەی کە دەیەوێ بچووکی خۆی لەچاوی ئەوانی دیکەی خۆ بەکۆیلەکردوودا گەورە بکات و لە سێبەری ستایشی ریاکارانە و گەمژەیی سواڵکەرانەیاندا کاوێژ بکات و لەسەر حیسابی زەلیلکردنی ئەوانی دی بەردەوامی بە مشەخۆری بدات، دووجار کۆیلەیە!